# نا هەقی تا کەی

ئەنوەر خەراجیانی




14 ساڵە بەرپرسانی کورد چیان کردووە غەیری ماڵوێرانی و برا کوژی و سەر گەردانی خەڵك .
14 ساڵە ئاغاکانمان خەریکی گیرفان پڕکردن و ژن هێنان و دروست کردنی تەلارو هوتێل و بەنزینخانە و زۆر شتی ترن ، ساڵەکانی مەینەتیو شەڕی ناو خۆ و برا کوژی وای لە خەڵکی کوردستان کرد ڕوکەنە زۆر شتی نابەجێ وەك فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ، تەنانەت ئافرەتەکانمان کەوتبونە شتی خراپەکاری لە تاو بێپارەی .
لاوەکانمان دەستە دەستە ڕویان دەکردە شارەکانی تاران و ئەستمبوڵ لە بەردەم نەخۆشخانەکانیان ڕادەوەستان، بۆ فرۆشتنی خوێن و پارچەکانی لە شیان وەك گورچیلە بە پارەیەکی کەم لە تاو بێ پارەی و شەڕی برا کوژی یان ڕویان دەکردە هەندەران و زوربەی لە ڕێگاو بان تیادەچون ئاغاکان هەر خۆش ڕایان بواردووە قەد نەبوە لە هیچیان کەم بێت بە کۆمەڵ پیرو لاوەکانیان ڕەوانەی شەڕی برا کوژی دەکردو خزمەتیان دەکردن تاوەکو دەگەشتنە شوێنی شەڕ،بەڵام لە کاتی شەهید بونیاندا خۆیان نەدەکرد بەخاوەنی دەبەوایە کەسوکاریان بهاتنایە بە شووێن دا بۆ بردنەوەی لاشەی کۆرپەکانیندا .
ڕێکەوتنی هەردوو حیزب و کۆتای شەڕی برا کوژی پارە کۆتای پێهێنا لەتاو پارە شەڕ کۆتای هاتوو .کوردستانیان کرد بە دوو پارچەی یەکسانەوە بۆ هەردوو ئیدارەی کوردی ، لە بەر گەندەڵی ئیداری و مادی و زۆر شتی تر ئاغاکانمان ئاگایان لە وەزعی خەڵکی نەماوە جاران شتەکانیان بە ئاسانی دادەپۆشرا بەڵام ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دەرکەوتن دەڕۆن .
تەلارو بەنزینخانەو هوتێل بەچی دادەپۆشرێت چونکە بەرپرسەکانمان خاوەنی ئەم شتانەن بە ئاشکرا هەل دز دروست دەکات . جاران کەلە شاخ بوون کوردایەتیان دەکرد چونکە ئەم پارە زۆرەیان نەدبوو بە خۆیانەوە وەك گۆش بخیتە بەردەمی پشیلەی برسی و نەیخوات کەس هەیە لە دونیادا باوەڕ بکات . ئەبێت ڕۆژێك بێت پێیان بڵێن ئەم پارەیەتان لە کوێ هێناوە ، دوای ڕاپەڕین کە گەڕانەوە زۆربەیان کرێچی بوون یان لە ژورێکدا لە گەڵ ماڵی باوکیان یان ماڵی خەزورە کۆنەکانیان دەژیان ئێستا خاوەنی تەلارو کۆشك و ئۆتۆمبیلی گران بایی و زۆر شتی تر خوا پێم نەگرێت . ئەم شتانەیە کە وا پاڵ بە خەڵکی کوردەوە دەنێت ڕو بکەنە شتی تۆرەریستی هەر بۆیە زۆرکەس لە داغدا دەبن بە ئەنسار ئیسلام یان گوروپی تونگ ڕەو دژی دەستەڵاتی کوردی .ئاگادار بن
ڕاپەڕین نزیك بۆتەوە ئەگەر فریای خۆتان نەکەون . میلەت وەك بورکان وایە هیچ شتێك لە دونیادا دای نامرکێنێتەوە ئیلا داخوازی جەماوەر نەبێت . ڕاپەڕین لە دەروازەی ڕانیەوە هەڵقوڵا بەڵام ئەم جارە لە دەروازەی کەلارەوەوە هەڵ دەقوڵێت ، ڕژێمی عێراق بەرگەی ڕاپەڕینی نەگرت دەبێت ئەم دوو حیزبە بەهێزتربن لە ڕژێمی عێراقی ڕوخاوی جاران ، هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا گۆڕان کاری نەبووە لە ناو ئاغاکانماندا ، باوەڕ بکەن جەماوەر زۆر بەهێزترە لە هێزی ئاسایش و پۆلیس .
ڕاپەڕین وەك ڤایرۆس وایە زوو تەشەنە دەسێنێ ، ئەوکەسەی ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ کوردستان زۆر شتی بۆ دەر دەکەوێت دەر بارەی فەسادی ئیداری و مالی ، بەرپرسانی کورد ئاگایان نەماوە لە کاری ڕێخستن ی دەرەوەی ووڵات لە سەدا پەنجا زیاتروازی هێناوە لە کاری ڕێخستن لە تاو فەسادی و زۆر شتی تر، کە ئەم ڕۆ لەبەر چاوە لە کوردستان ، هەڵبژاردن لەبەر دەمتانایە ئاگاداربن زۆر کەس دەنگتان بۆنایە ، ئەم جارە کەس ناخەڵەتێت بە دەنگی بەرزی فەرهاد سەنگاوی . بە هۆش خۆتان بچنەوە ئەگینا زۆر زرەر دەکەن هیچ کات لە ڕژێمی عێراقی بەهێزتر نین سوپاو پولیسی و جاشەکانیان بە بەردە باران دەرکران لە کوردستاندا. نا هەقی قەد ناچێتە سەر تا مردن .

خێرو بەری کوردستان هەر بۆئێوەیە کوا 3،5 ملیار دۆلاری ئەمەریکی، هەموو کورد بێبەشە ئیلا کۆمەڵێك کەسی کەم نەبێت کەوا بە پەنجەی دەست دەژمێرێن هەر ئەوان دەیخۆن . تێر ئاگای لە برسی نییە . ڕاستە ئێمە خاوەنی دەشتی شارەزوورو هەولێربین بەڵام تەماتەو خەیارمان لە سەحرای سینای میسرەوە بۆدێت ، بە دوو حکومەت و دوو سەرۆك وەزیران و یەك پەرلەمان چەندین وەزیرو مدیر عام و مەکتەبی سیاسی و سەرکرداتەتی و لقەکانی تری دوو شاری بچوکتان بۆ ناچێ بەڕێوە ئەی چۆن داوای فیدراڵی یان جیا بونەوە دەکەن ،بەڕێوە بردنی شارو وولآت بەو شێوەیە نییە کە ئێوە دەی بەن بەڕێوە بە دوو حکومەت و ئەو پارەزۆرەی کە بۆتان ڕژاوە نوتوانن چارەی بێ ئاوی و بێ کارەبای و سوتەمەندی بکەن لە کوردستاندا کە ژمارەی سەران سەری کوردستانی خوارو ناگاتە 7 ملیۆن کەس ، بەس شاری مەکسیکۆ ستی 25 ملیۆن کەسی تێدا دەژی . لە بەر بەرژەوەندی خۆتان سیمای شارتان تێکداوە شارەکانمان بەس لە شار ناچن ، نامانەوێت بیکەن بە لەندەن و پاریس بەس با لە شار بچن وەك دیاربەکر یان کرمنشان .......هتد .داخوازی جەماوەر پارە و زەوی نییە خراپ تێنەگەن باشکردنی خزمەت گوزاریە وەك کارەبا و ئا وو سوتەمەنی و چاکردنی ڕێگاو بانەکان و ژیانی ڕۆژانە یە
چۆن بەشداریم کرد لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دا ئاوا پشتگیری دەکەم لە جەماوەری کوردستان بۆ داخوازیەکانیان من هیچ کاتێك دژی هیچ لایەنێکی کوردی نیم ئیلا دژی ناهەقیم بەرامبەر بە میلەت شۆڕشی شاخ کۆتی هات ئێستا شوڕشی نووسین دەست پێدەکات ، نوسەری باش دەتەوانێت شۆڕشێك بەرپابکات و داخوازیەکانی کۆمەڵ جێبەجێ بکات .
لە کۆتایدا داواکارم داخوازی جەماوەری کوردی کوردستان جێبەجێ بکرێت بە بێ گولە باران و گرتن